# ئاواز و واتای پڕاگماتیکی گوتن

پ.ی.د.طالب حسين علی/ زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە

**پێشەکی :**

ئەم باسە بۆ ( ئاواز و واتای پڕاگماتیکی گوتن ) تەرخانکراوە ، مەبەستی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی گوتنە لە هەر دوو ئاستی دەنگسازی و پڕاگماتیکدا ، کە تێیدا تیشك خراوەتە سەر واتای پڕاگماتیکی گوتن و بەکارهێنانی ئاواز لەئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانەکەدا، بەوپێیەی کە سروشت و لێکدانەوەی پڕاگماتیکی خۆی لە بەکارهێنانی زماندا دەنوێنێ ، هەروەها لە شیکردنەوەو لێکدانەوی داتا و نموونەکاندا ڕێبازی شیکاری وەسفی سانکرۆنیکی پەیڕەوکراوە . واتە ئەوەی کە لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانەکەدا بەکاردەبرێت . باسەکە لە دوو بەش و ئەنجامی لێکۆلینەوە پێکدێت :

بەشی یەکەم– تەرخانکراوە بۆ چەند بابەتێکی پەیوەست بە پڕاگماتیك، وەك بەکارهێنانی زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن ، پاشان واتا و مەبەست خراوەتەڕوو .

بەشی دووەم : تایبەتە بە ئاواز – Intonation – وەك یەکەیەکی زمانی و فۆنیمێکی ناکەرتی لەئاستی دەنگسازیدا، لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر کۆمەڵەی ئاوازە وەك یەکەیەکی بنەڕەتی ئاواز ، کە لە سیمانتیکدا بە کۆمەڵەی واتا ئاماژەی بۆ دەکرێت ، هەر لەم بەشەدا پەیوەندی ئاواز و ڕێزمان خراوەتەڕوو ، پاشان بەپێی تۆنەکانی (هەڵس و کەوت ) جۆرەکانی گوتن کە لەگەڵ ئاوازەی کەوت ، یان ئاوازەی هەڵسدا بەکاردێن، بەنموونە و ڕوونکردنەوەی پێویست واتا و مەبەستی پڕاگماتیکییان خراوەتەڕوو .

**بەشی یەکەم :**

**١–١ بەکارهێنانی زمان:**

بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنی لە ئاخاوتندا بەیەکێك لە ئامانجە گرنگ و

سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەی پراگماتیک دادەنرێت. زمانیش لای هەر تاکێکی کۆمەڵ بووە بە ڕەفتارێکی ڕۆژانە و بەردەوام لە پەیوەندیکردندا، لەگەڵ تاکەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ بەکاریدەهێنێ، کە بەهۆیەوە بیرو هزرو بۆچوونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت. کەواتە زمان وەك سیستەمێکی هێمایی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی ویست و ئارەزووەکانی خۆی بەکاریدەهێنێ. تاوەکو بە ئامانج و مەبەستەکانی بگات. بێگومان بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجەش لەڕێگەی زمانەوە دەبێت، کە لەنێوان قسەپێکەرانی زماندا بەهۆی کردەی تێگەیاندن و تێگەیشتنەوە ئەنجامدەدرێت.

لەڕاستیدا گرنگی و بەهای زمان زیاتر هەڵدەگرێت لەوەی کە ئاماژەی پێدرا، چونکە زمان وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن زیاتر دەگەیەنێت لەوەی کە تەنیا ئەرکی گواستنەوەی هەواڵێك یان وەسفکردنی واقیع بێت، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ ئەو ئەرك و کارانەشی پێ جێبەجێی بکات، کە ڕەنگە بەبێ بوونی زمان جێبەجێکردنیان کارێکی ئەستەم و ئاسان نەبێت (عبدالهادی بن ظافر:٢٦،٢٥)، بۆ نموونە کاتێ مرۆڤ لەئاکامی ڕەفتارێکی هەڵەدا هەست دەکات کە کردەیەك یان وێنەیەکی خراپ و ناشرینی نیشانداوە، بۆئەوەی ئەو وێنە ناشیرین و خراپە لەنێو کۆمەڵدا ڕاست بکاتەوە، یەکەم کار پێی هەڵدەستێت جێبەجێکردنی کردەیەکی زمانییە، کە لەڕێگەی ئەو کردە زمانییەوە گوتنەکانی بەشێوەی ڕونکردنەوەو ڕاڤەکردن دەبێت و لایەنی ڕاستی و دروستی خۆی لەو بارەیەوە بە دەردەخات، بەوەی کە بەرگری لە خۆی بکات، یا داوای لێبوردن دەکات، یان داوا لەو کەسانە دەکات بیبەخشن و لێی خۆش بن. بەمجۆرە دەبینین چەند هەست بە توانا و هێزو کاریگەری گوتنەکانی زمان دەکرێت لەکاتی بەکارهێناندا ، بەتایبەتی لەو دەووروبەرانەی کە تێیدا بەکاردەبرێت. بۆیە لێرەدا دەکرێ بڵێین لێکۆڵینەوە لە زمان و بەکارهێنانی زمان تەنیا پەیوەست نییە بە دیوی یان فۆرمی دەرەوەی زمان، بەڵکو دیوی ناوەوەی زمانیش دەگرێتەوە، کە تێیدا واتا و مەبەستەکانی بەکارهێنەری زمانەکەی لێدەکەوێتەوە.

**١-٢ پرۆسەی پەیوەندیکردن :**

ئامانجی سەرەکی لە کردەی پەیوەندیکردندا ناردن و گەیاندنی پەیامە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێت، واتە ئەو ڕێگەیەیە، کە قسەکەر (نێرەر) بەکاری دێنێت بە مەبەستی گواستنەوەی پەیامەکەی بە گوێگر (وەرگر)، لەگەڵ ئەوەشدا گەیاندنی هەر

پەیامێکی زمانی تەنیا لەڕێگەی کەرەستەکانی وەك ڕستەو پارستەو فرێز لێك نادرێنەوە، بەڵکو نێرەر بیرۆکەی ئەو پەیامە لەچوارچێوەی گوتەیەکدا دەردەبڕێت، کە بەهێماو کەرەستەکانی زمان، یان بەهێمای شاراوە دەخاتەڕوو. واتە نێرەر گوتەکانی لەڕووی زمانەوە پەیوەست بە دەوروبەر بەجۆرێك ڕێکدەخات، کە بەیاساو بنەماکانی پراگماتیك پابەند بێت.

کەواتە دەکرێ بڵێین: پرۆسەی پەیوەندیکردن کاتێ سەرکەوتوو دەبێت، کە وەرگر توانای شیکردنەوەی هەمان پەیامی هەبێت، کە قسەکەر بەرهەمیهێناوە، بە پێچەوانەوەی ئەمەش پرۆسەی پەیوەندیکردن نایەتەدی، ئەگەر هاتوو پەیامە شیکراوەکە جیاوازی هەبێت لەگەڵ پەیامە بەرهەمهێنراوەکەدا. لێرەدا دەشێ بپرسین: ئایا زمان بەتەنیا بە پشت بەستن بە مۆدیلی پەیام – the message model -دەتوانێت ئەگەری تەواوی تێگەیشتن و تێگەیاندن بە ئەنجام بگەیەنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەمشێوەیە دەخەینەڕوو:

لەڕاستیدا پەیوەندیکردن لە سیستەمی پەیامدا لەسەر بنەمای توانستی زمانی بونیاد نراوە، کە پەیوەستە بە زانیاریەکانی قسەکەر، نەك بە توانا وچالاکی. واتە ئەو زانیاریە نادیار و شاراوەیە کە لەبارەی زمانەکەیەوە دەیزانێت. (میشیل زەکریا:٢٦١). لەبەرئەوە دەبینین پەیام زۆرجار مەبەستی تەواوی پەیوەندیکردن بە دەرناخات، بۆ نموونە: لە هاویندا پیاوێك بە ژنەکەی بڵێت: ژنەکە ئاوەکە گەرمە! واتە ئاوێکی ساردم بۆ بێنە. لەبەرئەوەی پەیامەکە لە لێکدانەوەی ئەمجۆرە دەربڕینەدا سەرکەوتوو نابێت، بەتایبەتی لە گرفتی تێگەیشتنی واتادا، تاوەکو نەخرێتە چوارچێوەی دەورووبەری ئاخاوتنەوە، واتە بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا بۆ گەیاندنی واتاو مەبەستی خۆی لە واتای پراگماتیکدا دەبینێ و لێکدانەوەی گونجاوی بۆ دەکرێت. لەبەرچاو گرتنی واتای پراگماتیکی بەشێکی زۆری کێشەو گرفتەکانی پەیوەندیکردنی پێ چارەسەر دەکرێت، لە تەمومژی و فرەوتایی و ...تاد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پراگماتیك بە تەواوکەری سیمانتیك دادەنرێت، ڕونکردنەوەی دەربڕینە فرەواتاو تەمومژاویەکانی دەکەوێتە ئەستۆ. (محمد محوی:٢٤٦).هەروەها ئەو زانیاریانە بە هەند وەردەگیرێت، کە لە دەرەوەی دەربڕینەکان و دەرووبەردا هەیە.

### ٣-١ واتا ومەبەستی پراگماتیکی:

لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتا، تەنیا زانین و زانیاری لێکسیکی و شارەزابوون لە ڕێساو یاساکانی زمان یارمەتیمان نادەن، بۆ ئەوەی لەو دەربڕین و ڕستانە تێبگەین کە لە پرۆسەکەدا بەکاردەبرێن، چونکە زۆرجار قسەکەر لەسەرو بەندی ئاخاوتن و لە ئەنجامی کارەکانیدا ڕۆژانە چەندین جۆری دەربڕین و ئاماژە ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکات و خۆی بە واتای باوی سیمانتیکی نا بەستێتەوە، ئەمەش وا لە گوێگر دەکات، کە پێویستی بە هۆکاری دیکەی یارمەتیدەر بێت، تاوەکو لە واتاو مەبەستی تەواوی دەربڕین و ئاماژەکانی قسەکەر تێبگات، واتە پەیوەستبوونی بە دەوروبەر و کەرەسەکانی دیکەی دەوروبەر وەك ئەوەی کە لە دەوروبەری کۆمەلآیەتی و کەلتوری و ڕۆشنبیریدا دەستەبەر دەبێت. (محمد محمد یونس:١٤١)هەر لەمبارەیەوە پالمەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەندێ ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، یان بەهۆی هێزو ئاواز و بەرزکردن و نزمکردنی دەنگ و گۆڕینی ڕەوتی دەنگ واتای پێچەوانەی ڕستە دەربڕاوەکە بگەیەنێت، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك : (ئەوە کچە زیرەکەکە یە). ڕەنگە لە دەوروبەرێکی زمانی تایبەتدا مەبەستی قسەکەر کەمکردنی ئاستی زیرەکی و تەمبەلّی کچەکە نیشان بدات. (palmer:١٩٨١: ٤١)بەمجۆرە دەبینین زۆرجار واتا لە ئاستی سیمانتیکدا نابێتە هۆی بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجی تەواوی ئاخاوتن. لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا پێویستیان بە کۆمەڵێك دەرهاوێشتە هەیە، کە بەهۆی هەڵهێنجانی لۆجیکی، یان لە ڕێگای دابونەریتی باوەوە ڕێگە بۆ گوێگر ( وەرگر) ئاسان و فەراهەمدەکەن. بۆ ئەوەی لەو مەبەستە تێبگات، کە قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ئاراستەی کردووە. (محمدمحمد یونس:١٤١)

مەبەستیش وەکو چەمکێك بریتییە لە ویست و ئیرادەی ئاوەزی مرۆڤ بەر لە ئەنجامدانی هەر کردەیەکی زمانی، یان نازمانی واتە کەسێك گەر بیەوێت کردەیەك ئەنجام بدات لە هزرو ئاوەزی ویست و توانای دەخاتە سەر ئەو کردەیە بۆئەوەی بە ئەنجامی بگەیەنێت.(عادل فاخوری:١٤٤) کەواتە لە سۆنگەی ئەم پێناسەیەوە دەبینین مەبەست چەند چەمك و واتایەك لەخۆ دەگرێت، بەمشێوەیە:

١- ئاماژە بۆ ویست و ئیرادەی کەس دەکات .

٢- یان ئاماژەکردنە بۆ واتای گوتن.

٣- یان ئاماژە بۆ ئامانجی گوتن دەکات .( عبدالهادي بن ظافر : ١٨٨)

بێگومـــان هـــەر کردەیـــەکی زمـــانی بـــە مەبەســـتی ئامـــانجێکی دیـــاریکراو بەرهـــەم دەهێنرێـــت بەوپێیـــەی کـــە گـــوتنیش بەشـــێوەیەکی ڕوون و دیـــار بـــە جۆرێـــك لـــە کـــردەی زمـــانی دادەنرێـــت، زۆرجـــار ئـــەو گوتنـــە مەبەســـتدارە، واتـــە مەبەســـت هـــەژموونی بەســـەردا هەیـــە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئامـــانجێکی تایبـــەتی لـــە پـــشتەوەیە. بۆیـــە دەبیـــنین فرەواتـــایی هـــەر گوتنێـــك لەســـەر ئـــەو مەبەســـتە دەوەســـتێت کـــە قـــسەکەر دەیـــەوێت بـــە گـــوێگری ڕابگەیـــەنێت، ئەمـــەش تـــەنیا پەیوەســـت نییـــە بـــە شـــێوەو فـــۆرمی زمـــانی دەربڕینەکـــەوە، بـــەڵکو بـــە پلـــەی یەکـــەم بەمەســـتی نێـــرەرەوە پەیوەســـت دەبێـــت، کـــە لـــە ئاکـــامی گونجانـــدنی هـــەردوو فۆرمـــە زمانیەکـــەو لەگـــەڵ کەرەســـتەکانی دەوروبـــەردا بەرهەمـــدەهێنرێت. کەواتـــە گـــوتن لـــە زمانـــدا بـــەپێی هەمـــەجۆری دەوروبـــەری گوتنەکـــە دێتـــە ئـــاراوە، چـــونکە مەبەســـت بـــە هـــۆی دەوروبـــەرو کەرەســـتەکانیەوە دەسنیـــشاندەکرێت . ( عبـــدالهادی بـــن ظـــافر:٨٧) واتـــای پراگمـــاتیکیش ئـــەو مەبەســـتانە دەگرێتـــەوە، کـــە پەیوەســـتن بـــە ڕێکـــارو لێکدانـــەوەی گوتنـــەکان لـــەڕووی پراگماتیکیـــەوە، واتـــە چـــۆنیەتی بـــەکارهێنان و بەرجەســـتەکردنی یاســـاو بنـــەما پراگماتیکیـــەکان لـــە گوتنـــدا. لێکدانـــەوەو شـــیکردنەوەی پراگمـــاتیکیش بـــۆ هـــەر دەربڕینێکـــی زمـــانی لـــە ڕســـتە و گـــوتن و دەق و گوتـــاردا- خـــۆی لـــە چـــەند جـــۆرە لێکدانەوەیـــەك دەبینێتەوە، وەك: (کردەی قسەیی، لێکەوتەی ئاخاوتن و گریمانەی پێشەکی....هتد).

**بەشی دووەم** :

٢- ئاواز :(Intonation)

کاتـــێ کـــە دەوتـــرێ زمـــانی ئـــاوازدار، مەبەســـت لێـــی ئـــەو زمانەیـــە، کـــە تێیـــدا ئـــاواز وەك بەشـــێك لـــە پێکهاتـــەی ڕســـتە یـــان گوتنـــدا بـــەکاردێت، واتـــە ئـــەو گوتنـــەی کـــە ئـــاوازی لـــە بـــارو وەســـتانی (Juncture) گونجـــاوی دەدرێتـــێ، ئـــاوازیش بریتیـــە لـــە بـــەرزبوون و نزمبوونـــەوەی پلـــەی دەنـــگ | ڕەوت (Pitch) لـــە ســـەرەتا، یـــان پـــێش کۆتـــایی، یـــان کۆتـــایی گوتنەکـــەدا، هـــەروەها جـــۆری ئـــاواز لـــە دەنگـــسازیدا لەڕێگـــەی هێڵـــی ئـــاوازەوە (intonation contour) دیاریـــدەکرێت، کـــە لـــە ئـــاوازی ســـەرەتای گـــوتن و ئـــاوازی پـــێش کۆتـــایی و کۆتـــایی پێکـــدێت و وەســـتانێکی کۆتـــایی بـــەرەو ژوور، یـــان بـــەرەو خـــواروویی لەگەڵدایـــە

(محمد علي الخولي:١٩٨٢: ١٣٨).

ئاواز لە ئاستی دەنگسازیدا وەك كەرەستەیەكی زمانی ناكەرتی ئاماژەی بۆ دەكرێت، كە پەیوەندییەكی ئالۆزی بە ئاستەكانی تری زمانەوە هەیە ، وەك ئاستی ڕێزمان و ئاستی سیمانتیك و ئاستی پراگماتیك ، هەروەها چەندین ئەرك و دەوری تایبەتی و گرنگ لە زماندا بە جێدەهێنێت، بۆیە زانایانی زمان بە مەبەستی پەسنكردن و دیاریكردنی ئەو ئەركە جیاوازانەی ئاواز چەندین پێناسەیان خستۆتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئاواز بریتیە لە هەڵسان و دابەزینی پلەی دەنگ لە كاتی قسەكردندا ( Khalil, 9: Alhamash ) .

- ئاواز بریتیە لە بەرزبوون و نزمبوونەوەی دەنگ لە كاتی ئاخاوتندا.(تمام حسان، ١٩٧٩، ١٩٨).

- ئاواز بریتیە لە گۆڕینی ڕەوت لە گوتەی دەربڕاودا ( Hawkins: 193 ) .

- ئاواز زاراوەیەكە لە دیراسەكردنی فونیمە ناكەرتییەكاندا بەكاردێت، ئاماژە بۆ شێواز و وێنە جیاجیاكانی ڕەوت (پلەی دەنگ) دەكات ( Crystal: 182 )

ئەوەی لەو پێناسانەدا بەدیدەكرێت، ئاواز وەك دیاردەیەكی فۆنەتیكی لێكدەدەنەوە، كە پەیوەندی بنەڕەتی بە گۆڕانی ڕەوتەوە(پلەی دەنگەوە) هەیە. پاشان بەرجەستەكردنی ئەو دیاردە دەنگییە لە شێوە و نموونەی جیا جیادا بە مەبەستی دیاریكردنی پلەكانی دەنگ لە زمانێكی دیاریكراودا، كە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ڕێكدەخرێن و ئاست و پلە جیاوازەكان و توانای جیاكردنەوەی ئەو پلانەی تێدا بەدەردەكەوێت. دەستەبەركردنی ئەم دیاردەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئاواز لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە ئەرك و واتای جیاواز لە زماندا جێبەجێ بكات.

كەواتە هەر ئاوازێكی دەربڕاو پەیوەستە بە ئەركێكی یان واتایەكی گشتی یان بە واتایەكی زمانی دیاریكراو، دیارە ئەمەش بە پێی هەڵوێست و دەوروبەری ئاخاوتنەوە دێتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی زمان سەبارەت بە چەمك و تێگەیشتن لە واتا و مەبەستی گوتەیەك یان دەربڕاوێكی زمانیدا، ئاماژە بە چەند لایەنێكی دیكە دەكەن، كە پەیوەندییان بە جۆر و پلەی دەنگ و خێرایی قسەكردنەوە هەیە، لەگەڵ ئەو

بارودۆخانـــەی کـــە پەیوەســـتن بـــە لایەنـــەکانی دیکـــەی بـــەکارهێنانی زمانـــەوە، وەك جوڵـــە و بزاوتنی دەم و چاو و دەست و سەر.....تاد

ئەمانـــە تێکـــڕا لەگـــەڵ ڕەوتـــی قـــسەکردندا دەتـــوانن جـــۆری ئـــەو هەڵویـــستە بەدەربخـــەن، کـــە گوتەکـــەی تێـــدا دەربـــڕاوە، بـــە واتایـــەکی تـــر دەشـــێ لـــە ڕێگـــەی هێمـــا زمـــانی و نازمانییەکانـــەوە واتـــای ســـەربار بخرێتـــە ســـەر واتـــای گـــشتی گوتەکـــە، ئەمـــەش مەبەســـتی ســـەرەکی باســـەکەیە، کە پەیوەندی بە واتای پراگماتیکەوە هەیە .

**٢-١ کۆمەڵەی ئاوازە :**

لـــە ئاســـتی فۆنۆلۆجیـــدا کۆمەڵـــەی ئـــاوازە (group Tone) وەك یەکەیـــەکی ســـەرەکی و بنـــەڕەتی ئـــاواز (Intonation) تەماشـــا دەکرێـــت، هـــەروەها بـــە گـــەورەترین یەکـــەی ئـــاواز دادەنرێـــت کـــە لـــەڕووی ســـیمانتیکەوە بـــە کۆمەڵـــەی واتـــا (Sense group) ئامـــاژە بـــۆ دەکرێت ( Lindstrom: 67 ).

کۆمەڵـــەی ئـــاوازەش چـــەند وشـــەیەکە، کـــە بـــەپێی پێـــڕەوی ڕێزمـــانی لێکـــدراون، زنجیرەیـــەکی قـــسە (گـــوتن) دەنـــوێنن، ئـــەم قـــسەیەش بەشـــێوەیەکی ئاســـایی هێنراوتـــە بەرهـــەم، کـــە بـــەهیچ جـــۆرە گـــۆڕان و وەســـتانێك نەشـــلەژاوە، وشـــەی فـــرە برگـــەش کۆمەڵـــە ئاوازەیـــەك پێـــك دەهێنـــێ، هـــەر کۆمەڵـــەی ئاوازەیـــەك بـــەلای کـــەمی بەیـــەك پێـــی دەرکـــەوتنی دەستنیـــشان دەکـــرێ بەشـــێوەی جوڵانـــەوەی برگـــەی هێـــزدار (nuecle pitch movement) (رحمان اسماعیل: ١١٥).

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا مـــەرج نیـــە دەرکـــەوتنی یەکـــەی ئـــاوازە (unit tone) لـــە ڕســـتەیەکدا یـــان پاڕســـتەیەکدا بەشـــێوەیەکی ڕێـــك و یەکـــسان هـــەمان مـــاوە و جێکەوتـــەی هـــەبێت، چـــونکە ئـــاوازە (tone) دەبـــێ لـــە شـــوێنی برگـــەی هێـــزی ئـــاوازدار (tonicity) واتـــە ئـــاوازە بەنـــد لـــە چوارچـــێوەی گوتنـــدا تەماشـــا بکرێـــت، هـــەروەها دەبـــێ بڕوانینـــە جـــۆری ئاڕاســـتەکردنی گوتنەکـــە (ڕحمـــان اسماعیـــل:١١٩:١٩٩٨) هەرچـــی برگـــەی هێـــزی ئـــاوازەدارە لـــە ڕووی درکاندنـــەوە بـــەپێی تـــۆنی هـــەڵس وکـــەوتی* ڕەوتـــەوە (pitch) دیـــار یـــدەکرێت، ئـــەو برگەیـــەش بەدەرکـــەوتووترین برگـــەی نـــاو ڕســـتە دەربـــڕاوە کـــە دادەنرێـــت و دەکەوێتـــە ســـەر گـــرنگترین وشـــە یـــان کەرەســـتەی فەرهـــەنگی لـــە ڕســـتەکەدا، هـــەروەها زۆرتـــرین زانیـــاری هەڵـــدەگرێت، ســـەرباری ئـــەوەی کـــە ئـــەو ڕســـتەیە زۆرتـــرین زانیـــاری لـــەخۆ دەگرێـــت. بـــە

واتایەکی تر ( لەناو کۆمەڵەی ئاوازەدا کرۆك جوڵەی ڕەوتی سەرەکی هەڵدەگرێت، واتە کاکڵەی یان ناوکی ئەوەی نوێیە دیاری دەکات، یان دەناسێنێ، کە جێکەوتەی کەرەستەی نوێیە کە لە نموونەی ئاساییدا دیاری دەکات (62:1997:M.M.Fattah). کۆمەڵەی ئاوازەش لە کرۆك و پێش کرۆك و پاش کرۆك پێکدێت، کرۆکیش بە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی هەژماردەکرێت، دانانی یان هەڵبژاردنی کرۆك بە هۆی دەوروبەرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەوەی کە ئەو وشەیەی تێدا دەردەکەوێت و تیشکی خراوەتە سەر، هەروەها لەوانی دیکە دەرکەوتووترە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە هێزی ڕستەی وەرگرتووە (61:1997:M.M.Fattah) کەواتە کرۆك بەرزترین پلەی دەنگ لە گوتندا وەردەگرێت، هەروەها وەکو کەرەستەیەك لەو گوتنەدا زانیاری نوێ لە سنوری کۆمەڵەی ئاوازدا دەخاتە ڕوو.

بۆیە زۆر جار قسەکەر/ نێرەر مەبەستی گوتنەکانی لە ڕووی پراگماتیکەوە لە ئاستی ئاوازدا بەرجەستە دەکات، بەوەی کە هێزی برگەی ئاوازەدار بە فۆنیم دادەنرێت (عبدالهادي بن ظافر: ٧١)، واتە وەك فۆنیمێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ئەرکی گۆڕینی مەبەستی گوتنەکەی پێ دیاریدەکرێت.

ئەگەر بێت و ئەو هێزە خرایە سەر کەرەستەکانی گوتن، یان خرایە سەر کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی، بۆ بەدەرخستنی ئەو کەرەستەیە لەنێو کەرەستەکانی دیکەی گوتنەکەدا، ئەمەش دەبێتە هێزێکی دەوروبەری واتایی، کە بە ئاواز ناودەبرێت، دیارە بەکاربردنی ئاوازیش لەهەر گوتنێکدا بە مەبەستی واتایەکی دیاریکراو بەرهەمدەهێنرێت، واتە قسەکەر بە مەبەست ئاواز بەکاردێنێ بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بەشێکی گوتنەکەی بکات، کە جێگەی بایەخ پێدانێتی، وەك ئەوەی کە لە دەوروبەرکەدا پێویست دەکات، بەوەی کە قسەکەر /نێرەر مەبەستێتی سەرنجی وەرگری پێ ڕابکێشێت، هەروەها ئاراستەی بیر و هزری بەرەو ئەو بەشە یان کەرەستەیە ببات کە لە گوتنەکەدا بایەخی پێداوە، بەوپێیەی کە زانیاریەکی نوێی پێشکەش دەکات، یان بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەو زانیارییە لەگەڵ زانیارییە کۆنەکەدا.

زۆر جار قسەکەر مەبەستی گوتنەکانی لە ڕووی پراگماتیکەوە لە ئاستی ئاوازدا بەرجەستە دەکات، بەوەی کەهێزی برگەی ئاوازەدار وەك فۆنیمێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نموونە لە ڕێزبوونی کەرەستەکانی گوتنێکی ئاساییدا، ئەو زانیارییەی کە

کۆنـــه لـــه ســـەرەتاوه دەردەکـــەوێت، هەرچـــی زانیـــاری نوێیـــه دەخرێتـــه ســـەر زانیارییـــه کۆنەکـــەوه، دیـــاریکردنی ئـــەم بـــارەش لەســـەر ئـــەو دەوروبـــەره دەوەســـتێت کـــه گوتنەکـــەی تێـــدا خراوەتـــه ڕوو، واتـــه تێکـــەڵ بـــه زانیارییـــەکانی دەوروبـــەر و بـــارودۆخی ئاخاوتنەکـــه دەبێت.

بـــەمجۆره دەبیـــنین یـــەکێك لـــه ئەرکـــه گرنگـــەکانی ئـــاواز جیاکردنـــەوەی زانیـــاری کـــۆن و نوێیـــه، دیـــارکردنی ئـــەم حاڵەتـــەش لـــه ڕێگـــەی ئـــەو کەرەســـتەیەوە دەبێـــت، کـــه کـــرۆك وەردەگرێت، واته هێزی بڕگەی ئاوازەداری دەخرێته سەر، بۆ نموونه :

١- أ- ئەو پیاوه کێیه ؟ ب- ئەو پیاوه باوکمه.

٢- أ- کێ کتێبەکانی برد ؟ ب- مامۆستا کتێبەکانی برد.

ئـــەو کەرەســـتانەی کـــه لەنموونـــەی (١- أ)دا خراونەتـــه ڕوو هـــەردوو لایـــەنی ئاخاوتنەکـــە- قـــسەکەر و گـــوێگر-زانیارییـــان لەســـەر هەیـــه و دەیـــزانن، واتـــه لـــه ڕووی زانیارییـــەوه کـــۆنن، بـــه کەرەســـتەی زۆر گـــرنگ دانـــانرێن، چـــونکه هـــیچ کەرەســـتەیەك واتـــا و زانیـــاریی نـــوێی لـــەخۆ نـــەگرتووه, هـــەروها وەك ڕســـتەیەکی پرســـیاری تایبـــەتی ئـــاوازێکی ئاســـایی هەیـــه، کـــه هـــەمان ئاوازی ڕستەی هەواڵگەیاندن وەردەگرێت و لەگەڵ تۆنی (١) کەوتدا دەردەبڕێت.

لـــەزمانی کوردیـــدا بەشـــێکی زۆری ئـــەو کەرەســـتانەی کـــه زانیـــاری نـــوێ هەڵـــدەگرن دەکەونـــه بەشـــی دواوەی گوتنەکـــە، واتـــه لـــه پـــاش ئـــەو کەرەســـتانەوه دەردەکـــەون، کـــه زانیـــاری کۆنیـــان هـــەڵگرتووه، وەك لـــه نموونـــەی (١-ب) دا دەبیـــنین گـــوێگر لـــه وەڵامـــدا وشـــەی (بـــاوکم) وەك زانیارییـــەکی نـــوێ بـــه قـــسەکەر (پرســـیارکەر) ڕادەگەیـــەنێت، کـــه هاوکـــات لـــه پاش زانیارییه کۆنەکەدا بەکاری هێناوه.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هەنـــدێ جـــار بـــەپێی هەڵوێـــست و دەوروبـــەری ئاخاوتنەکـــه زانیـــاری نـــوێ دەکەوێتـــه پێـــشەوه، هـــەروەکو لـــه نموونـــەی (٢-ب)دا خراوەتـــه ڕوو، وشـــەی (مامۆســـتا) بـــەپێی ئـــەو دەوروبـــەری کـــه گوتنەکـــەی تێـــدا بـــەکار هـــاتووه زانیـــاری نـــوێی هـــەڵگرتووه، واتـــه دەبێته کەرەستەیەکی کرۆکدار، هەروەها مەبەستی هەواڵگەیاندنی بەجێهێناوه.

بـــەڵام کاتـــێ کـــه ڕســـتەی (٢-ب) لـــه دەوروبـــەر دەربهێنرێـــت و بـــه تـــەنیا بـــەدەر لـــه ســـیاقی ئاخـــاوتن دەربڕێـــت، ئاســـایی وشـــەی (بـــرد) دەبێتـــه کەرەســـتەی نـــوێی و کرۆکـــدار، کەواتـــه هـــەر ڕســـتەیەکی دەربـــڕاو لـــه دەوروبـــەری ئاخـــاوتن دەربهێنرێـــت، ئـــەوا بـــه زۆری

هێزی برگەی ئاوازەدار لە كۆمەڵەی ئاوازەدا دەكەوێتە سەر دوا كەرەستەی فەرهەنگی ڕستەكەوە .

**٢- ٢ ئاواز و گوتن :**

بەو پێیەی كە گوتن ڕستەیەكی بەكارهێنراوە لە دەوروبەردا، بەمجۆرە لیكۆڵینەوە لە گوتن بریتی دەبێت لە شیكردنەوە و لێكدانەوەی ڕستە لە بەكارهێناندا، واتە تێڕوانینە لە یەكەیەكی ئاخاوتن لە دەوروبەردا. هەروەها ئەو گوتنانەی كە بەكاردەهێنرێن بەشێوەیەكی هاوتەریب لەگەڵ كۆمەڵەی ئاوازەدا دەردەكەون، ئەمەش وەك بوار و ئاستێكی نوێ لە پەیوەندی نێوان ئاواز و گوتندا دروست دەكات، یان بەرجەستە دەكات، كەواتە ئەركێكی نوێی پێشنیازكراو بۆ ئاواز دەخاتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیوەندییەی كە لە نێوان ئاواز و گوتندا دروست دەبێت، پێویستە لە دوو لایەنەوە بڕوانینە بە كارهێنانی ئاواز بەم شێوەیە:

١-ئاواز وەك ئەوەی كە تیشكۆی سەرنجی(focussing attention) گوێگر/وەرگر ڕابكێشێت بۆ ئەو كەرەستانەی كە لە پەیامەكەدا گرنگییان پێدراوە، واتە دانانی هێزی ئاوازەدار لەسەر برگەیەكی گونجاوی تایبەت لەكۆمەڵەی ئاوازەدا، بۆ ئەو واتایەی كە لەوانیتر گرنگترە (147:1983:Roach) (رحمان اسماعیل: ١٣٧).

٢-ئاواز بەمەبەستی ڕێكخستن و ڕێكاری ئاخاوتن بەكاردێت، بەو پێیەی كە قسەكەر و گوێگر بایەخ بە سەرەتا و دەستپێكردنی، یان كۆتایی بە ئاخاوتنەكە دەهێنن، وەك ئەوەی كە لە پرسیاركردن و وەڵامدانەوەدا بەدیدەكرێت.

بەمجۆرە دەبینین دیاریكردنی ئەو شوێنەی كە هێزی برگەی ئاوازەداری دەخرێتە سەر، گرنگترین بەشی پەیامەكە دەردەخات، ئەم بەشە دەبێتە هەڵگری زانیاری نوێ، كە پێشتر باسی نەكرابێت، واتە نوێترین زانیاری لەخۆ دەگرێت. ( 275:1985: Haliday)

**٢-٣ ئاواز و جۆرەكانی گوتن:**

ئۆستن لە تیۆری كردە قسەییەكاندا دوو جۆرە كردەی دیاریكردووە، كە بریتین لە كردەی ئاشكرا و كردەی شاراوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە كردەی شاراوەیە، چونكە

زۆرجار قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە گوتنەکانی دەردەبڕێت، لەبەر هەر هۆکارێك کە مەبەستی بێت، هەروەها لە تیۆرەکەدا جیاوازی لە نێوان سێ جۆرە گوتن کراوە (محمد محمد یونس: ٣٦) :

- گوتنی هەواڵگەیاندن. - گوتنی پرسیارکردن. - گوتنی فەرماندان.

کەواتە ئەو گوتنانەی کە بەشاراوەیی و ناڕاستەوخۆ لە شێوە و نموونەکانی هەواڵگەیاندن و پرسیار کردن و فەرماندانـدا خۆیان دەنوێنن لە شێوە و پێکهاتەیەکی سنتاکسیدا بە جۆرێك ڕێکخراون، کە هەر گوتەیەك بەرامبەر بە ڕستەیەك یەکسان دەوەستن.

**٢-٣-١ گوتنی هەواڵگەیاندن:**

ئەمجۆرە گوتنە بەشێوەیەکی بەربڵاو و فراوان لە زماندا بەکاردێت، هەروەها بە گرنگترین جۆری گوتن هەژمار دەکرێت، بەشێکی ڕستەکانی/ گوتەکانی زمانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە، کە بە فرێزێکی ناوی (بنە) دەست پێدەکات و بە فرێزێکی کاری (بار) کۆتایی دێت، ئەگەرچی هەندێ جار ڕیزبوونی ئەو کەرەستانە دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە دەربڕین و بەکارهێنانی شێوازو مەبەستی جیاواز لە قسەکردندا، واتە لە ڕووی ڕۆنانی ڕێزمانییەوە بە ویستی قسەکەر (نێرەر) جێگۆڕکیان پێدەکرێت، ئەمەش خۆی لە ڕیزبوونێکی ئازاد دا (Free order) دەنوێنێ. واتە ڕیزبوونی وشەکان لە سنوری ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز، بێئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات (محمد علی الخولی ١٩٨٢، ٩٨).بۆیە هەر گۆڕانێك - پێش خستن و پاش خستن- لە ڕۆنانی ڕستەکەدا ڕوودات، نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی ڕێزمانی وشەکان، بۆ نموونە:

٣- کەوەکە <u>فڕی</u>. ٤- <u>فڕی</u> کەوەکە.

٥-ئارام <u>دەخوێنی</u>. ٦- <u>دەخوێنی</u> ئارام.

ئەو گوتنانەی کە لە نموونە و پێکهاتەی سینتاکسدا ڕێکخراون بە مەبەستی وەسفکردن و دیاریکردنی ئاوازەکانیان، پێویستە لە کردەکانی هەواڵگەیاندندا لە ڕووی ڕۆنانەوە وەکو ڕستەیەك تەماشابکرێن و لەگەڵ ئەگەرەکانی ئەو گۆڕانانەی کە لە پێکهاتەکانیدا ڕوو دەدەن، شیبکرێنەوە، هەروەها ئاوازەکەشی بەپێی ئەو ڕستەیە دیاری بکرێت کە

قسەکەر دەریدەبڕێت و لە شێوەی نموونە جیاجیاکانی ئاوازدا بەرجەستە دەبێت، لێرەدا هەوڵدەدەرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئاوازانەی کە لە زمانەکەدا بەدیدەکرێن، یان هەستیان پێدەکرێت، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی مەبەستە جیاجیاکانی قسەکەردا. بە واتایەکی دیکە کاتێ کە گوتنێکی هەواڵگەیاندن دەخرێتە دەوروبەرەوە بەپێی هەڵوێست و باروودۆخی گوتنەکە لە دەوروبەری بەکارهێنراودا. زۆر مەبەستی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەو مەبەستانەش کە قسەکەر ئاراستەی گوێگری دەکات، بەپێی دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کردەی قسەیی زۆر جار خۆی لە مەبەستەکانی پراگماتیکدا دەنوێنێ، وەك لە کردەکانی هەواڵگەیاندن و فەرماندان و پرسیارکردندا ...تاد بەدیدەکرێت، کە بەهۆی دەربڕینی یان بەکارهێنانی ئاوازەکانی هەڵس و کەوتەوە واتا و مەبەستی گۆتنەکان لەگەڵ دەوروبەری ئاخاوتنەکەدا بگۆڕێت. واتە قسەکەر (نێرەر) دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی گوتنەکە ناوەڕۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێت، بۆ نموونە لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا دەشێ بۆ چەند مەبەست و ئەرکێکی جیاواز بەکار بهێنرێن، وەك : پرسیارکردن ، سەرسوڕمان

٧- أ- منداڵەکانی هێنایەو.                هەواڵگەیاندن | زانیاری( گەڕاندنەوە)

ب- منداڵەکانی هێنایەوە ؟            پرسیارکردن

ج- منداڵەکانی هێنایەوە !            سەسوڕمان

لە ڕستەی (٧- أ)دا گوێگر (وەرگر) بەپێی دەوروبەر و ئاوازی دەربڕینەکە دەتوانێ لە مەبەستی قسەکەر تێبگات و لێکدانەوەی دروست و وەڵامی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبکات. گەر بێتو ڕستەکە بە تۆنی کەوت (١) بێت، ئەوا هێزی بڕگەی ئاوازەدار دەخرێتە سەر دوا بڕگەی کرداری (هێنایەوە).

٨- أ- ئاوەکە گەرم بووە.

ب- گەرم بووە ئاوکە.

لە نموونەی (٨- أ)دا کەرەستەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ڕیزکراون، کاتێ کە ڕستەکە بەشێوەیەکی ئاسایی دەردەبڕێت، ئەوا لە فرێزەکارییەکەدا هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر وشەی (گەرم) و کۆمەڵەی ئاوازەش هەر لەسەر ئەو فرێزەوە دەست پێدەکات

وهێـــزی بڕگـــەی ئـــاوازەدار پێکـــدێنێ. لـــە ڕســـتەی (٨- ب)دا قـــسەکەر بەمەبەســـتی جـــەختکردن و دووپاتکردنـــەوە بەشـــێوەیەکی جیـــاواز پـــێش و پـــاش خـــستنی کەرەســـتەکانی ڕیزکـــردووە و فرێزەکارییەکـــەی هێناوەتـــەوە پێـــشەوە، واتـــە ئـــەو کەرەســـتەیەی کـــە زانیـــاری نـــوێ هەڵـــدەگرێ ، هاتۆتـــە پێـــشەوە و ئـــەوەی کـــە زانیـــاری کـــۆن هەڵـــدەگرێ ، کەوتۆتـــە دواوە. جێگۆرکـــێ لـــە ڕیزبـــوونی کەرەســـتەکاندا کـــاری کردۆتـــە ســـەر کۆمەڵـــەی ئـــاوازە و پێکهاتـــەی ئـــاوازەیی . کۆمەڵـــەی ئـــاوازە لـــە (٨- أ) دا لـــە هـــەموو بەشـــەکاندا هەیـــە، هـــەروەها بـــە ئاوازەیـــەکی بێلایـــەن دادەنرێـــت، بـــەڵام لـــە ڕســـتەی (٨- ب) دا کۆمەڵـــەی ئـــاوازە تـــەنیا لەسەر فرێزی کارییە، کە هاتۆتە پێشەوە.

٩- من خۆم ناشۆم .

ئـــەم گوتەیـــە واتـــای ئاشـــکرا و دیـــاری هەیـــە، کـــە لـــە واتـــای ســـیمانتیکی کەرەســـتە پێکهێنەرەکانیـــەوە بەدیـــدەکرێت، هـــەروەها لـــە بنەڕەتـــدا ڕســـتەیەکی هەواڵگەیاندنـــە و بـــە ئاوازەیـــەکی کـــەوت (١) دەربـــڕاوە، بـــەڵام لـــە ڕوانگـــەی کـــردە قـــسەییەکانەوە لـــەڕووی مەبەســـتەوە جـــۆرێکی دیکـــەی کـــردەی قـــسەیی دەنوێنـــێ وەك داواکـــاری یـــان ئاگادارکردنـــەوە. بـــەپێی هەڵوێـــست و بـــارودۆخی جیـــاوازەوە چـــەند واتایـــەکی جیـــاواز بگەیـــەنێت، ڕەنگـــە قـــسەکەر بـــەپێی دەوروبـــەری ئاخاوتنەکـــە مەبەســـتی ئـــەوە بێـــت داوا لـــە گوێگر بکات، کە بچێت خۆی بشوات.

-بـــەمجۆرە دەبینـــین لەڕێگـــەی بـــەکارهێنانی ئـــەو جـــۆرە ئاوازانـــەوە کـــە لـــە زمانەکـــەدا هەســـتیان پێـــدەکرێت، بـــە تایبـــەتی لـــە بـــەکارهێنانی مەبەســـتە جیاجیاکـــانی قـــسەکەردا بەدیـــدەکرێت. کاتـــێ کـــە گـــوتنێکی هەواڵگەیانـــدن دەخرێتـــە دەوروبـــەرەوە، بـــەپێی هەڵوێـــست و بـــارودۆخی ئـــەو گوتنـــەی کـــە تێیـــدا بـــەکارهێنراوە، زۆر مەبەســـت و واتـــا جیـــاواز لـــە خۆدەکرێت. بۆ نموونە:

١٠- بەخێر بێیت.

ئـــەم گوتەیـــە لـــە دەوروبـــەرێکی ئاســـاییدا کـــاتێ قـــسەکەر دەریـــدەبڕێت کـــە گـــوێگر بـــە میـــوانی ســـەردانی قـــسەکەر بکـــات و بـــە ئاوازەیـــەکی (١) کـــەوت [بێلایـــەن] ئاڕاســـتەی گـــوێگری دەکـــات، واتـــە هێـــزی بڕگـــەی ئـــاوازەدار دەخرێتـــە ســـەر دوا بڕگـــەی گوتەکـــە کـــە (بییێـــت) ـــە، بـــەڵام کـــە گوتەکـــە لـــە دەوروبـــەرێکی دیکـــە دەردەبڕێـــت، وەك ئـــەوەی کـــە گـــوێگر بـــەڵێنی بـــە

قـــسەکەردا بێــت، کـــارێکی بــۆ ئەنجامبـــدات، بـــەڵام گـــوێگر کارەکـــەی بــۆ جێبـــەجێ نـــەکردبێت، یـــان ســـەرکەوتوو نـــەبووبێت، یـــان قـــەرزاری قـــسەکەر بێـــت و ماوەیـــەکی زۆر خـــۆی ون کردبێـــت، ئـــەو دەمـــە گوتەکـــە (بـــەخێر بێیـــت!) دەبێتـــە تـــوانج و دەربـــڕینی نـــاڕەزایی قـــسەکەر بەرامبـــەر بـــە گـــوێگر، ئـــاوازی دەربڕینەکـــەش بـــە جـــۆرێکی جیـــاواز لـــە ئـــاوازی ئاســـایی دەردەبڕێـــت و ئاوازەیـــەکی (٣) نـــزم- هەڵـــسی دەدرێتـــێ، هـــەروەها سەرســـوڕمانیش نیشاندەدات.

١١- دەس خۆش، بۆ کارێك کە کردووتە.

قـــسەکەر ئـــەم گوتەیـــە بـــە شـــێوەیەکی ئاســـایی دەردەبڕێـــت، کاتـــێ گـــوێگر کارەکـــەی بەباشـــی ئـــەنجام دابێـــت، لـــەم حاڵەتـــەدا ڕستەکە بـــە ئـــاوازەی (١) کـــەوت دەردەبڕێـــت، بـــەڵام کـــە گـــوێگر کارەکـــەی نـــەکردبێت، یـــان کارەکـــەی بـــە خراپـــی و نـــاڕێکی ئـــەنجام دابێـــت، ئـــەو کاتـــە گوتنەکـــە دەبێتـــە نـــاڕەزایی و تـــوانج گـــرتن لـــە گـــوێگر و ڕســـتەکەش ئـــاوازێکی جیـــاواز وەردەگرێـــت، کـــە تۆنی (٣) نزم – هەڵسە.

کەواتـــە هـــەر قـــسەکەرێکی زمـــان ئـــەو توانایـــەی تێدایـــە کـــە بـــەپێی دەوروبـــەر و بـــارودۆخی ئاخاوتنەکـــە و مەبەســـت و هەڵوێـــستی خـــۆی لـــە ڕێگـــای ئـــاوازە جیاجیاکـــانی (هـــەڵس- کـــەوت)ەوە دەربڕێـــت، هـــەروەها گـــوێگریش هەســـت بـــە بـــارودۆخ و ئـــاوازی دەربڕینەکـــە دەکات و لە مەبەست و ویستی قسەکەر تێدەگات. بۆ نموونە:

١٢- پارەت پێیە.

ئەم ڕستەیە چەندین مەبەست و واتای جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت بەم شێوەیە:

١٣- أ-پارەت پێیە.... هەواڵگەیاندن

لێـــرەدا ئـــەم گوتەیـــە وەك هـــەواڵ و زانیارییـــەك خراوەتـــە ڕوو، ئـــەو مەبەســـتە دەگەیـــەنێت، کـــە قـــسەکەر ئاگـــاداری ئەوەیـــە و دەزانێـــت گـــوێگر پـــارەی هەیـــە و بـــێ پـــارە نییـــە، لێـــرەدا ڕســـتەکە بە ئاوازەیەکی (١) کەوت دەردەبڕێت.

١٣- ب- پارەت پێیە......فەرماندان

یـــان لـــە دەوروبـــەرێکی تـــردا دەشـــێ مەبەســـتی قـــسەکەر ئـــەوەبێت کـــە گـــوێگر بـــڕوات ئەوشـــتە

بکرێت کە دەیەوێت، واتە لێرەدا گوتەکە دەچێتە باری فەرمانکردن و ئەمر کردن، لەم حاڵەتەشدا گوتەکە ئاوازەی (١) کەوت وەردەگرێت.

١٣– جـ– پارەت پێیە؟ ...... پرسیار و داواکردن.

لەگەل ئەوەی ئاوازەی (٢) جۆری ڕستەکە لە هەواڵگەیاندنەوە دەگۆڕێت بۆ پرسیار کردن، بەوپێیەی کە ڕستەکە لەگەڵ دەوروبەر و هەوڵوێستی قسەکەر ئاوازەکەی دەگۆڕێت لە نموونەی (١٣–ج)دا قسەکەر بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە گوتەکەی بەشێوەی پرسیار کردن ئاراستەی گوێگری کردووە، جگە لەوەی کە پرسیارکردنە، مەبەستی داواکردنیش دەگەیەنێت، کە ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت داوای پارەی لێبکات، ئەگەر گوێگر پارەی پێیە بیداتێ، ئاوازەی ڕستەکەش (٢) بەرز– هەڵسی

١٣– د– پارەت پێیە ! ........ سەرسوڕمان

کاتێ ئەم گوتەیە لە شێوەی ڕستەیەکی سەرسوڕمان دەردەبڕێت، پەیوەست بەو دەوروبەر و بارودۆخەی کە قسەپێکەرانی (گوێگر و قسەکەر) تێدایە، لەم بارەدا قسەکەر هەمیشە گوێگر بەوە دەناسێت کە هیچ کاتێك پارەی پێ نییە، کاتێ کە دەزانێ پارەی پێیە، گومان و دوو دڵێ نیشاندەدات و پێی سەیرە کە گوێگر پارەی هەیە. لێرەدا گوتنەکە ئاوازەی (٥) هەڵس– کەوت وەردەگرێت سەربارەی ئەوەی کە مەبەستی سەرسوڕمانیش دەگەیەنێت.

١٤– چایەکە لەسەر ئاگرە . ئاوازەی (١) کەوت.

لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە، بەپێی سیاق و ئاوازی دەربڕینەکە، دەکرێ چەند جۆرێکی گوتن لە نموونەی (١٤) دەسنیشانبکەین، کاتێ قسەکەر ئەم گوتەیە وەکو هەواڵگەیاندن و زانیارییەك ئاڕاستەی گوێگری دەکات، کە بەپێی دەوروبەر و بارودۆخی ئاخاوتنەکە دەشێ مەبەستی ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوە بێت، لەوەی کە بزانێت چایەکە کوڵاوە، یان نا،یان مەبەستی ئەوە بێت، کە منداڵەکە لەچایەکە نزیك نەبێتەوە. یان لە دەوروبەریکی تردا ڕەنگە وەکو پرسیارکردن بە ئاوازەی (٢) بەرز– هەڵس ئاڕاستەی گوێگری بکات .

**٢–٣–٢ گوتنی پرسیارکردن :**

پرسـیار کـردن یـان گوتـەی پرسـیار وەك شـێوازێکی دەربـڕینی زمـانی بریتییـە لـە داواکـردن یـان وەرگـرتنی هـەواڵ و زانیـاری و تێگەیـشتنە لـە بـارەی شـتێك یـان کەسـێك یـان ڕووداوێـك، کـە پێـشتر لای قـسەکەر (پرسـیارکەر) نـەزانراو بێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا مـەرج نییـە هـەموو کاتێـك پرسـیارکردن لـە بـارەی شـتێکی نـەزانراو بێـت یـان نـایزانین، بـەڵکو هەنـدێجار وا پێویـست دەکـات، کـە پرسـیارکردن لـە بـارەی شـتێکی زانـرا و بێـت، بـەڵام قـسەکەر بـۆ مەبەسـت و واتـای جۆراوجـۆر بەکاریـدەهێنێت، واتـە قـسەکەر لـە هەنـدێ دەوروبـەری تایبەتـدا ڕسـتەی پرسـیار- نـەك بـە مەبەسـتی پرسـیارکردن- بـەڵکو بـۆ مەبەسـتی جیـاواز بەکاریان دێنێت، وەك: دووپاتکردنەوە سەرسوڕمان، ئاگادارکردنەوە، دانپێنان...تاد.

بێگومـان ئـەو مەبەسـتانەش لـە ڕووی سـیمانتیکەوە لێکدانـەویان بـۆ ناکرێـت، بـەڵکو لێکدانەوەیان دەکەوێتە سنوری پراگماتیکەوە.

لـەجۆرەکانی کـردە قـسەیەکاندا بـە شـێوەیەکی گـشتی ئـاواز گرنگـی خـۆی هەیـە لـە دیـاریکردنی ئـەو جۆرانـەدا، کـە لـە گـوتنی هەواڵگەیانـدن و پرسـیار کـردن و فـەرمان و داخوازییـدا بەرجەسـتەدەکرێن، بـە تایبـەت ئـەو ئەرکانـەی کـە ئـاواز لـە ڕووی واتـا و ڕێزمانـەوە دەیبینـێ، وەك لـە ئاوازەکـانی هـەڵس و کەوتـدا بەریـدەکرێن، بـۆ نموونـە گـۆڕینی گوتەیـەکی هەواڵگەیانـدن کـە ئـاوازەی (١) کـەوت وەردەگرێـت، بـۆ گوتەیـەکی پرسـیارکردن، لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی ئاوازەیـەکی جیـاواز، کـە ئـاوازەی (٢) بـەرز-هەڵـسە، یـان ئـاوازەی (٣) نـزم - هەڵـسە، واتـە گـۆڕینی ئاوازەکـە لـە کەوتـەوە بـۆ هـەڵس وەك ئـەرکێکی ڕێزمـانی جۆری کردە قسەییەکە دیاریدەکات، بۆ نموونە:

١٥- أ- باوکم لێرەیە. ئاوازی (١) کەوت

ب- باوکم لێرەیە؟ ئاوازی (٢) بەرز- هەڵس

جـ- ئایا باوکم لێرەیە؟ ئاوازی (٣) نزم- هەڵس

دیـسانەوە ئـاواز لەهەنـدێ بـاردا لەگـەڵ گوتـەی هەواڵگەیاندنـدا بـەپێی ئـەو دەوروبـەرەی کـە قـسەکەری تێدایـە لەگـەڵ ئـەو هەڵویـستەی کـە دەینوێنـێ لـە کـاتی قـسەکردندا لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی شـێوە قاڵبـە جیاجیاکـانی ئـاوازدا دەگۆڕێـت، بـۆ ئـەوەی کـە مەبەسـتە بـە گوێگری ڕاببگەیەنێت.

١٦- أ- ژوورەکەتان پیس کردووە.

گـــۆڕینی ئـــاوازی ڕســـتەکە لـــە ئـــاوازەی (١) کەوتـــەوە بـــۆ ئـــاوازەی (٢) بـــەرز- هـــەڵس، بـــەپێی هەڵوێـــستی قـــسەکەرو دەوروبـــەر ئـــاوازی دەربڕینەکـــە، دەکـــرێ وەکـــو پرســـیارکردن ئاڕاســـتەی گـــوێگری بکرێـــت و چـــەند مەبەســـتێك لـــەخۆبگرێت، کـــە بـــەپێی بـــارودۆخ و دەوروبـــەری ئاخاوتنەکـــە بگۆڕێت، وەك : ب- بۆچی پیستان کردووە ؟

جـ- کێتان ژوورەکەی پیس کردووە ؟ د- بۆ پاکتان نەکردووە؟

**٢-٣-٣ گوتنی فەرماندان:**

فەرمانـــدان وەك جۆرێـــك لـــە جۆرەکـــانی گـــوتن، قـــسەپێکەری زمـــان لـــە پەیوەندیکردنـــدا ئاڕاســـتەی بەرامبەرەکـــەی دەکـــات، کـــە مەبەســـتی فـــەرمان –Command – یـــان داواکـــاری لـــە خۆدەگرێـــت، ئەمـــەش بـــەپێی دەســـەڵات و ئـــەو پلـــە و پایەیـــەی کـــە قـــسەکەر هەیـــەتی دەگۆڕێـــت، بـــۆ جێبـــەجێکردنی خواســـت و داواکارییـــەکانی. واتـــە قـــسەکەر وەك کردەیـــەکی قـــسەیی بەکاریـــدێنێ بـــۆ ئـــەوەی گـــوێگر کارێـــك ئەنجامبـــدات، یـــان هەڵوێـــستێك بنـــوێنێ، یـــان بـــە پێـــچەوانەوە بـــە مەبەســـتی قەدەغـــەکردن وئـــەنجام نـــەدانی کردەیـــەك بەکاریـــدێنێ. لـــە ڕووی ناوەڕۆکـــەوە گـــوتنی فەرمانـــدان بـــە دوو شێوە دەربڕینی جیاواز بەکاردەبرێت، کە بریتین لە :

**أ- فەرماندانی ڕاستەوخۆ :**

قـــسەکەر گوتـــەکانی بەشـــێوەیەکی ئاشـــکرا و ڕاســـتەوخۆ ئاڕاســـتەی گـــوێگر- کەســـی دووەمـــی تـــاك و کـــۆ- دەکـــات و فـــەرمانی بەســـەردا دەکـــات، بـــەکارێك یـــان کردەیـــەك بـــە ئـــەرێنی جێبـــەجێ بکـــات، یـــان بـــە نـــەرێنی کردەکـــە ئـــەنجام نـــەدات . فەرمانـــدانی ڕاســـتەوخۆش واتایـــەکی ڕوون و دیـــاری هەیـــە،گوێگر دەتـــوانێ لـــە ڕووی ســـیمانتیکەوە ڕاســـتەوخۆ لێکدانـــەوە بـــۆ واتاکـــەی بکـــات، چـــونکە قـــسەکەر بەشـــێوەیەکی ئاشـــکرا گوتەکـــەی بـــە گـــوێگر ڕادەگەیـــەنێت کـــە خـــۆی لـــە شـــێوازی فەرمانـــدان یـــان داواکـــاری دەنـــوێنی، بـــۆ جێبـــەجێکردنی، یـــان جێبەجێنـــەکردنی هـــەر کردەیـــەك ، کـــە بییـــەوێت ، بۆ نموونە :

١٧- وانەکانت بخوێنە .

١٨- کتێبەکە لەسەر مێزەکە دابنێ .

١٩- لە ژووی میوان دابنیشن .

**ب- فەرماندانی ناڕاستەوخۆ :**

وەك كردەیەكی قسەیی مەبەست لێی ئەو جۆرە گوتنەیە كە بەشێوازی داواكردن و فەرماندان ئاڕاستەی بەرامبەر (گوێگر) دەكرێت و واتا و مەبەستێكی ناڕاستەوخۆ و شاراوە لە خۆدەگرێت. ئەمجۆرە واتایەش لە ئاستی سیمانتیكدا لێكنادرێتەوە، بەڵكو لە سنوری پڕاگماتیكدا لێكدانەوەی بۆ دەكرێت، چونكە ئەو واتا و مەبەستەی كە قسەكەر گوتنەكەی تێدا دەردەبڕێت بەپێی باروودۆخ و هەڵوێستی قسەكەر و دەوروبەری ئاخاوتنەكە دەگۆڕێت، واتە گوتنی فەرماندان لەگەڵ ئەو دەوروبەرە جیاوازانەدا چەندین ئەركی دیكە لە خۆدەگرێت، كە لەگەڵ خواست و مەبەستی داواكاری قسەكەر دەگۆڕێت، بۆ نموونە :

٢٠- وانەكانت بخوێنە.

لە نموونەی (٢٠) دا گوتەكە لە شێوەی فەرماندانی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێگر كراوە، كە بەپێی دەوروبەی ئاخاوتنەكە ڕەنگە مەبەستی ئاگاداركردنەوە یان ئامۆژگاری و دووپاتكردنەوە لە خۆبگرێت و قسەكەر گوتەكەی بەشێوەیەكی ئاسایی لەگەڵ ئاوازەی (١) كەوتدا بەمەبەستی فەرماندان بەكاری هێناوە .

٢١- || كوڕم || دەرگاكە بكەرەوە.||

وەك لە نموونەی (٢١) دا دەردەكەوێت، پایەی كۆمەڵایەتی قسەكەر بەرزترە لە گوێگر واتە قسەكەر بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ فەرمانی بەسەر گوێگر (كوڕەكەی) كردووە، كە دەرگاكە بكاتەوە. ئەمەش دەشێ لە ڕووی پرگماتیكەوە بەپێی ئەو دەوروبەرانەی كە گوتەكەی تێدا دەخرێتەڕوو ، چەند مەبەستێكی جۆراوجۆر لە خۆبگرێت، وەك ئەوەی كە ژوورەكە گەرم بێت، یان لەو دەمەدا كەسێك لە دەرگای دابێت، گوێگر بچێت دەرگاكە بكاتەوە ....تاد. لێرەدا دەربڕینی گوتەكە لە دوو كۆمەڵە ئاوازە پێكدێت، كە لەگەڵ هەر دوو كۆمەڵەكەدا قسەكەر ئاوازەی (١) كەوتی وەك ئاوازەیەكی بێلایەن بەكارهێناوە.

٢٢- ||خێراكەن || برنجی مەحمود بكڕن.||

لەنموونە ( ٢٢) دا كاتێ ئەم گوتەیە وەكو پەیامێك - لە ڕیكلامدا - ئاڕاستەی وەرگر دەكرێت، بۆ ئەوەی كاریگەری و كاردانەوەیەكی لا دروست بكات، ئەمەش بە زۆری لە گوتنی فەرماندا بە دەردەكەوێت، لێرەدا ئامانج و مەبەستی سەرەكی ڕازیكردنی وەرگرە، واتە گوتەكە ڕاستەوخۆ فەرمان بەسەر وەرگر ناكات، بەڵكو بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ فەرمانی لەخۆگرتووە، سەرباری ئەوەی كە مەبەستی هاندان و ڕازیكردن دەگەیەنێت. ئاوازی هەر دوو كۆمەڵەكەش بە تۆنی ( ١ ) كەوت دەردەبڕێت .

هەرچی گوتنی فەرمانییە كە بە شێوازی نەرێكردن ئاڕاستەی بەرامبەر | وەرگر دەكرێت، لەگەڵ

ئـــەوەی کـــە فـــەرمان و داواکـــاری لـــەخۆدەگرێت، هـــەروەها چـــەندین مەبەســـتی تـــر دەگەیـــەنێ وەك: ئاگادارکردنـــەوە، ئامۆژگـــاریکردن، هەڕەشـــەکردن، قەدەغـــەکردن ...تـــاد کـــە بـــە پێـــی هەڵوێـــست و دەوروبەری ئاخاوتنەکە و ئاوازی دەربڕینەکە دەکرێ ئەو مەبەستانە دیاری بکرێن، بۆ نموونە :

٢٣- قسە مەکە.

لـــە نموونـــەی (٢٣) دا وەك گوتەیـــەکی فـــەرمان | داواکـــاری کۆمەڵـــە ئاوازەیـــەك پێکـــدێنێ، کـــە لـــە ڕووی ئاوازەییـــەوە تـــۆنی ( ١ ) وەردەگرێـــت، بـــەپێی دەوروبـــەر و هەڵوێـــستی قـــسەکەر . مەبەســـتی گوتنەکـــە دەگۆڕێـــت ، کـــە ڕەنگـــە شـــێوازی پرســـیار لـــەخۆبگرێت، بـــۆ قـــسەدەکەیت؟ یـــان هەڕەشەکردن، یان ئاگادارکردنەوە بێت ..تاد

٢٤- أ- لەگەڵ ئارام مەگەڕێ .

ب- لەگەڵ ئارام نەگەڕێی .

لـــە نموونـــەی (٢٤- أ) دا قـــسەکەر بـــە ئـــاوازەی ( ١) کـــەوت گوتەکـــەی دەربڕیوە،کەتێیـــدا بـــەپێی دەوروبـــەر و ئـــەوەی کەمەبەســـتێتی بـــە گـــوێگری بگەیـــەنێت لـــە ئامۆژگـــاریکردن یـــان ئاگادارکردنـــەوەی، کـــە جـــارێکی تـــر لەگـــەڵ ( ئـــارام) دا نەگـــەڕێت، بـــەوەی کـــە کەســـێکی خراپـــە . بـــەڵام لـــە نموونـــەی ( ٢٤- ب) دا قـــسەکەر ئـــاوازەی ( ٤ ) کـــەوت – هەڵـــسی بـــەکارهێناوە، ئـــەم ئـــاوازەش بـــە زۆری لـــەو گوتنانـــەدا بەدیـــدەکرێت کـــە مەبەســـتی گومـــان و یـــان نـــاڕەزایی نیـــشاندەدەن، بەوەی کە ئەو کردەیە پێچەوانەی خواست و ویستی قسەکەرە.

٢٥- أ- جگەرە مەکێشە .

ب- جگەرە نەکێشی .

قـــسەکەر لـــە نموونـــەی ( ٢٥- أ) دا ئـــاوازەی ( ١) کـــەوتی بـــەکارهێناوە، کـــە مەبەســـتی ئامۆژگاریکردنـــە،یان دیـــاریکردنی لایـــەنی چـــاکە و خراپـــی کارێـــك یـــان شـــتێك نیـــشاندەدات، کەچـــی لـــە نموونـــەی (٢٥- ب)دا قـــسەکەر ئـــاوازەی ( ٤ ) کـــەوت – هەڵـــسی بـــەکارهێناوە، کـــە لێـــرەدا ڕەنگـــە قـــسەکەر لەگـــەڵ دەوروبـــەری ئاخاوتنەکـــەدا مەبەســـتی ئاگادارکردنـــەوە بێـــت، بـــەوەی کـــە لـــەو دەمـــەدا جگـــەرە نەکێـــشێ، یـــان مەبەســـتی هەڕەشـــەکردن یـــان قەدەغەکردنـــە بێـــت، کـــە جـــارێکی تـــر جگـــەرە نەکێشێ .

* هاڵیدای ئاوازەسەرەکییەکانی هەڵسوکەوتی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکردووە:

ئاوازەی ( ١ ) کەوت ئاوازەی ( ٢ ) بەرز – هەڵس

ئاوازەی ( ٣ ) نزم – هەڵس ئاوازەی ( ٤ ) کەوت – هەڵس

ئاوازەی ( ٥ ) هەڵس – کەوت

## ئەنجام

١– کاتێ پرۆسەی پەیوەندیکردن سەرکەوتوو دەبێت، کە وەرگر توانای شیکردنەوەو لێکدانەوەی هەمان پەیامی هەبێت کە نێرەر بەرهەمیدەهێنێت، ئەمەش لەو سیستەمە زمانیەدا بەرجەستە دەبێت، کە لەسەر بنەمای هەر دوو توانست و چالاکی زمانیدا بونیادنرابێت، چونکە چالاکی زمانی خۆی لە واتای پراکماتیکی دەبینێ، بەوەی کە وەرگر دەتوانێ لێکدانەوەی گونجاو بۆ پەیامەکە بکات .

٢– بەکارهێنانی ئاواز و پەیوەست بوونی بەواتای پراگماتیکییەوە بە دوو لایەنی گرنگ و هاوتەریبی یەکتر دادەنرێن، لەپرۆسەی پەیوەندیکردندا، چونکە بەکاربردنی ئاواز و بەرجەستەکردنی لە کۆمەڵەی ئاوازەدا ، بەوەی کە سەرنجی وەرگر رابکێشێت بۆ ئەو مەبەستەی کە نێرەر گرنگی پێداوە، لەگەڵ دەوروبەر و بارودۆخی کردە قسەییەکاندا ، مەبەستە پراکماتیکیەکانی گوتن لێکدانەوەی تەواویان بۆ دەکرێت .

٣– ئەو نموونانەی کە لە جۆرەکانی گوتندا خراونەتەروو، ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی کوردی سیستەمێکی ئاوازدارە، بەوەی کە قسەکەر دەتوانێ مەبەستەکانی لە ئاستی ئاوازدا بەرجەستەبکات ، هەروەها ئەرکی گۆڕینی مەبەستی گوتەکانی بەپێی تۆنەکانی – هەڵس و کەوتەوە دیاری بکات، واتە ئەو گوتانەی کە لەگەڵ ئاوازەی کەوت یان ئاوازەی هەڵسدا بەکاردێن، قسەکەر دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی گوتنەکە ناوەڕۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێت، وەك گۆڕینی ئاوازەی (١) کەوت بۆ ئاوازەی (٢) بەرز– هەڵس جۆری گوتەکە لەهەواڵ وزانیارییەوە دەگۆڕێت بۆ پرسیارکردن . یان گۆڕینی بە ئاوازەی (٥) هەڵس– کەوت جۆری گوتەکە لەهەواڵ وزانیارییەوە دەگۆڕێت بۆ سەرسورمان. سەرباری ئەوەی کە واتا و مەبەستی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

## سەرچاوەکان

١–ئاڤێستا کەمال ( ٢٠٠٩) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

٢– عبدالواحد مشیر (٢٠٠٩ ) واتاسازی – چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی پراگماتیکییە، دەزگای موکریان ، هەولێر .

٣–عمر محمود ( ٢٠٠٩ ) سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی کۆیە .

٤– رحمان اسماعیل (١٩٩٨) پەیرەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا .

٥–محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩) زانستی هێما– بەرگی دووەم ، زانکۆی سلێمانی .

٦– هۆگر محمود فەرەج ( ٢٠٠٠ ) پراگماتیک و واتای نیشانەکان ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

٧– وریا عمر أمین (١٩٩٤) " هێز و ئاواز " گ. ڕۆشنبیری نوێ ، ژ (١٣٤).

٨– جون لاینز (١٩٨٧) " اللغة والمعنى والسياق ، ترجمة:عباس صادق الوهاب " دار الشؤون الثقافية العامة " بغداد.

٩– عادل فاخوري( ١٩٨٩) الاقتضاء في التداول اللساني ، عالم الفكر ، المجلد العشرون ، العدد الثالث .

١٠– عبدالهادي بن ظافر الشهري ( ٢٠٠٤) استراتيجيات الخطاب ،مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد، بنغازي_ ليبيا

١١– عزمي إسلام (١٩٨٥) " مفهوم المعنى دراسة تحليلية" حوليات كلية الآداب " الحولية السادسة " جامعة الكويت.

١٢– محمد علي الخولي (١٩٨٢)" معجم علم اللغة النظري" إنكليزي –عربي " مكتبة لبنان " بيروت.

١٣–محمدمحمد يونس ( ٢٠٠٤) مدخل الى اللسانيات، الطبعة الاولى، دار الكتب الجديدة، بيروت، لبنان .

١٤– ميشال زكريا (١٩٨٣) " الألسنية (علم اللغة الحديث) – المبادئ والاعلام" المؤسسة الجامعية للدراسات والتوزيع " الطبعة الثانية " بيروت.

١٥– نايف خرما (١٩٧٩)" أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة " الطبعة الثانية" عالم المعرفة " سلسلة(٩) " مطابع دار القبس – الكويت.

16- Crystal, D. (1987), A dictionary of linguistics and phonetics, 2nd edition, basil black well,

UK.

17- Fattah, M.M, (1997), A generative grammar of Kurdish, University of Amsterdam.

18- Hurford, James.R. (1983); semantics: A course book, Cambridge University press.

19- Khalil.Alhamash.(1983),A practical course in English phonotics , Baghdad .

20- Kempson; Ruth.M. (1997), Semantic theory, Cambridge University press.

21- Lindstrom.O. (1978) Aspects of English intonation ,Acta Universities Sweden .

22- Lyons, J; (1977); semantics; Cambridge University press , Volume 2.

23- Palmer, F.R. (1981); semantics; A new outline; New York; Cambridge University press.

24- Halliday.M.A.K.(1985),Introduction to functional Grammer, London Edyard Arnold .

25- Ward. I .C.(1972),The phonotics of English, Cambridge-5th ed.

26- Roach. P.(1983), English phonotics and phonology , Cambridge University press.

**ملخص البحث**

تعنى هذه الدراسة بوصف وتحليل ظاهرة التنغيم و المعنى التداولي للخطاب ( القول ) في اطار أفعال الكلام وذلك من خلال السياقات التي يستخدم فيها الخطاب باساليب قولية سواءأكانت خبرية أو استفهامة أو امرية. تم تحليل البحث في اطار المنهج الوصفي التحليلي. يقع البحث في فصلين اساسين اضافة الى المقدمةوالنتائج

الفصل الاول- خصص هذا الفصل لاهم المواضيع المتعلقة بعلم التداول مثل استخدام اللغة وعملية التواصل والمعنى والقصد.

الفصل الثاني- تطرق الباحث في هذا الفصل للتنغيم والمجموعة النغمية كوحدة اساسية للتنغيم ، وتم فيه بيان واهمية النبرة النغمية الرئيسة والعلاقة بين التنغيم والكلام والقواعد اللغوية بما يوْدي ذلك الى الوظائف الدلالية والتداولية بحسب تقسيم الجملة او القول في ضوْ التنغيم الهابط والصاعد .

## Abstract

This paper analyses intonation and its pragmatic meaning through speech acts (declarative, interrogative and imperative) sentences.

The paper consists of two sections, apart from introduction and conclusions.

Section one is a theoretical background where using language, the process of communication, coding and meaning are deled with .

Section two deals with intonation and tonic role , as a basic unit in communication, shedding lights on the importance of main stress and the relationship between intonation and speech that leads to different semantic and pragmatic functions, depending on (raising- falling) in intention on the types of sentences.